**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە : ٩٦٧ لە ٢٠١٥/١/٢٥**

**پاڵپشت بە ماددەی (١٠٥) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩) ساڵی ١٩٨١ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:**

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥**

**ڕێنمایی تایبەت بە هاوردەکردنی شیری ووشك ( MILK POWDER )**

**ماددەی یەکەم :**

**پێشکەش کردنی داواکاریەك بۆ وەزارەتی تەندروستی / ب.گشتی کاروباری تەندروستی / ب.چاودێری وسەلامەتی خۆراك لەسەر کلێشەی کۆمپانیا تێدا دەبێت :**

**أ- جۆر و بڕ و سەرچاوەی شیرەکە دیاری بکرێت.**

**ب-ژمارەی وەجبە،مێژووی بەرهەم هێنان وبەسەرچوونی بەرهەمەکە.**

**ت-بۆ هەر ژمارەی وجبە یان جۆری شیری نوێ دەبێت نوسراوی نوێی بۆی بکرێتەوە.**

**ماددەی دووەم :**

**دەبێ هاوتابێت لەگەڵ تایبەتمەندی عێراقی ژمارە (١٨٤٧)ی ساڵی ٢٠١٢ نوێکردنەوەی دووەم ، ڕاستکردنەوەی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣) بۆ ماوەی بەسەرچوون .**

**ماددەی سێیەم :**

**هەموو بەڵگەنامە پێویستەکان لەگەڵدابێت وە پێویستە پشتراستکرابێتەوە (تصديق) لە لایەن سفارەتی عێراقی یان هاوشێوەکەی لە وولاتی بەرهەمهێن :**

**أ- بەڵگەنامەی سەرچاوە** (Certificate of origin)

**ب- بەڵگەنامەی تەندروستی** (Certificate of health)

**ت- بەڵگەنامەیەك بیسەلمێنێت کە مادەی میلامین ودایوکسین تیا نەبێ** ( Certificate of free from dioxin and melamine.)

**پ- بەڵگەنامەی** (Free sale) **(بەرهەمەکە لە وولاتی سەرچاوە دەفرۆشرێت). (** Certificate of Free sale**)**

**ج- بەڵگەنامەیەك بسەلـمێنێت کە تیشك تیا نەبێ.** ( Certificate of free from radiation )

**ح- بەڵگەنامەی ڤێتەرنەری.** (certificate of veterinary )

خ- **بەڵگەنامەی شیکاری.** (Certificate of analysis )

**ماددەی چوارەم :**

پێویستە فۆرمی زانیاری تایبەت بە هاوردەکردنی شیر وە ناوی بازرگان (کۆمپانیای) بەرهەمهێن وهەناردەکار تۆماربکرێت لەوەزارەتی تەندروستی/ب.گ.کاروباری تەندروستی/ب.چاودێری وسەلامەتی خۆراك .

**ماددەی پێنجەم :**

دەبێت تایبەتمەندی شیرەکە بگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی پێوانەی عێراقی بەم شێوەی خوارەوە:

أ-شیری گەوران (Milk powder) تایبەتمەندی پێوانەی ژمارە (٦٠٨/ج٥)

ب-شیری منداڵان (food for infant) تایبەتمەندی پێوانەی ژمارە (١٠٩٤)

**ماددەی شەشەم:**

نوسینی لەیبلی سەر قوتوەکە دەبێت بەپێی تایبەتمەندی پێوانەی عێراقی ژمارە (٢٣٠) بێت.

**ماددەی حەفتەم :**

نابێت سەرچاوەی شیرەکە لەو وولاتانە بێت کە بە پێی یاسا وڕێنمایەکان وبڕیارەکانی دەستەی راوێژکاری خۆراك قەدەغەکراون.

**ماددەی هەشتەم :**

لە کاتی بوونی هەر گرفتێك وەزارەتی تەندروستی بەپێی یاسای تەندروستی گشتی هەڵدەستێت بە ڕاگرتنی شیرەکە یان کۆکردنەوەی شیرەکە لە بازاردا. وە لە کاتی بوونی هەر گومانێك لە ڕاستی ودروستی زانیاریەکان لە سەر کارگە یان کۆمپانیای بەرهەمهێنی شیرەکە دەبێت کۆمپانیا هاوردەکار و هەنارده ئامادەبێت بە ناردنی تیمێك لە وەزارەتی تەندروستی بە سەردانی کردنی کارگەی بەرهەمهێن لە وولاتی سەرچاوە بۆ دڵنیابوونەوە.

**ماددەی نۆیەم :**

بازرگان (کۆمپانیا) بەڵێنامەی یاسایی پڕدەکاتەوە کەوا ئەو زانیاریانەی لە فۆڕمی تۆماری زانیاری پڕدەکرێنەوە لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی / ب.کاروباری یاسایی ڕاست ودروستن وە لە هەرکەم وکوڕیەك وە زانیاریەکی هەڵە کۆمپانیا خۆی بەر پرسیار دەبێت .

**ماددەی دەیەم :**

ئەم ڕێنماییە شیری چارەسەری (حليب طبي) ناگرێتەوە.

**ماددەی یانزە :**

ئەم ڕێنماییە دوای سێ مانگ لە بلاوکرنەوەی لە ڕۆژنامەی (وقایعی کوردستان) دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن .

**د.ڕێکەوت حمە رشيد كريم**
**وەزیـری تـەنـدروستی**